Tekoshan No.122

ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت

نادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: www.komitayafratan@yahoo.com

نادرسی تێکۆشان لە سەر شەبەکەی جیهانی ئینتەرنێت http://www.sazmanikhabat.com/tekoshan.htm

Email: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، رادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بلاو دەکاتەوە، بەم نادرەسە:

Email: dangikhabat2003@yahoo.com http://www.sazmanikhabat.com/radio.htm

Tel: ئیریا ٠٠٨٨٢١٦٦٧٧٤١٩٩٨ - ٠٠٨٨٢١٦٦٧٧٤٠٦٨٩ئیریا نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ – کۆرك تیلکۆم – ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course Twenty Threeth Year Nomber ((122)) 28 of Khakalewa 2706 Kurdish Colemdar falling no 1386 Hijri I Falling 17th April 2007

فیلمی نیوەمانگ خەڵاتی بینەرانی لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی ئیستانبول بە دەستهێنا



فیلمی سینەمایی نیوەمانگ دوایین بەرهەمی سینەمایی دەرهێنەری ناوداری سینەمایی کوردستان و ئێران (بەهمەنی قوبادی) خەڵاتی فیلمی هەڵبژێردراوی بینەرانی لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی ئیستانبول بەدەست هێنا.

فیلمی سینەمایی نیوەمانگ کە لە دووەمین بەشدار بوونی نێونەتەوەیی خۆی لە ساڵی تازەدا، لە ٢٦مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئیستانبول لە وەڵاتی تورکیا بەشداری کرد بوو، یەکەمین خەڵاتی خۆی لە ساڵی ٢٠٠٧ دا، لە دەستی بینەرانی وەرگرت.

خەڵاتی فیلمی هەڵبژێردراوی بینەران لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لە ٢٦مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئیستانبول شەوی شەممە ٤/١٤ لە ڕێورەسمێکدا بە فیلمی سینەمایی نیوەمانگ لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادی پێشکەش کرا.

فیلمی نیوەمانگ لە ڕێکەوتی ٣١ی مارس تا ١٥ ئاوریلی ٢٠٠٧ لە بەشی کێبڕکێی نێونەتەوەیی ئەم فیستیڤاڵە و دوای سێ جار نمایشکردنی کە لەگەڵ ١٤ فیلمی دیکە لە رکابەریدا بوو، توانی سرنجی بینەرانی فیستیڤال بۆ لای خۆی راکێشێ. هەر بەم پێیە ئەوانیش خەڵاتی باشترین فیلمی هەڵبژێردراوی بینەران یان لە بەشی نێونەتەوەیی دا بە فیلمی نیوەمانگی بەهمەن قوبادی پێشکەشکرد.

فیستیڤاڵی فیلمی ئیستانبول لە ڕیزی فیستیڤاڵە نێونەتەوەییە پربایەخەکانی فیلمە لە ناوچەکەدا و گرینگترین و گەورەترین فیستیڤاڵی فیلمە لە وەڵاتی تورکیە. لە ٢٥ ساڵ لەوە پێشەوە بە شێوەی بەردەوام لە شاری ئیستانبول بەڕێوە دەچێت، لە ٢٦مین خولی ئەم فیستیڤاڵەدا ٢٣٧ فیلمی سینەمایی کورت و درێژ بەرهەمەکانی سینەماکارانی زیاتر لە ٦٠ وەڵاتی دنیا نمایشکرا.

کوژرانی پەنابەرێکی کوردی ئێرانی لە تورکیە

دوای کوژرانی ئەیوب ئەمینی پەنابەری سیاسی کوردی ئێرانی لە تورکیە سەعات ١ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٩ زیاتر لە ١٠٠ پەنابەری کوردی ئێرانی بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر بە کەمتەرخەمی کۆمیساریای بەرزی پەنابەران سەبارەت بە کوژرانی ئەیوب ئەمینی و هەروەها گوێ نەدان بە چارەنووسی پەنابەران و مانەوەیان بۆ زیاتر لە ٥ ساڵ لە تورکیە. چوونە بەر نوێنەرایەتی ڕێکخراوی پەنابەران لە ئانکارا بە مەبەستی نارەزایەتی دیارە ئیعترازی پەنابەران زۆر هێمنانە و بە شێوەییکی ئارام بوو. بەڵام کۆمیساریای بەرزی پەنابەران لە جیات وەڵام دانەوە بە داخوازیەکانیان، دیسان پۆلیسی دژە شۆرشی داوا کرد، کە پۆلیس بە شێوەییکی زۆر ناشیرین هەموو پەنابەرانیان گرتووە هەتا سەعات ٧ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ، پاشان هەر کەسە و ڕەوانەی شاری نیشتەجێبونی خۆی کرایەوە، هەروەها بە هۆی لێدان و ئازاردانی پەنابەران لەلایەن پۆلیسەوە پەنابەرێك ڕەوانەی نەخۆشخانەی کونیا کرا کە تا ئێستاش وەزعی نالەبارە.

زیاتر لە پێنج ساڵە ئەو پەنابەرانە لە تورکیە بە بێکاری و بە بێ بەڵگەییك کەوتوونەتە ژێر فشار کە ئەوە پێچەوانەی ئوسولی مرۆڤایەتییە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە پشتیوانی لە پەنابەرانی کورد لە تورکیە داوا لە ئیدارەی (UNHCR) داواکارە بە جیدی کار بۆ رزگار کردنی پەنابەرانی کورد لە تورکیە بکەن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

٢٠٠٧/٤/١٠

بڕیاری شورای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ، بۆ لابردنی چاودێری لەسەر ڕژیمی ئاخوندی دژی مافەکانی خەڵکی ئێرانە

کەرژیمی ئاخوندی ئێران پێکی هێناوە ڕووبەڕوون لەرۆژگاریکدا کەدەسەلاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی سەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دا پێ شێل دەکەن و ستەمی چەندبەرانبەر لەدژی ئافرەتان پەیرەودەکەن، ئازادیخوازان شکەنجەو ئیعدام دەکەن، مافی مافی سەرەتایی خاوەن باوەرانی مەزهەب و دینەکان بەبەرنامەو بەبیرکردنەوەی خورافی و دواکەوتوانەیان پێ شێل دەکەن. بەڵێ لەکاتێکدا حوکمی ئیعدامی ٧کەس لەئوستانی سیستان و بلوچستان ڕاگەێندراوە کە هەرلەوپێوەندەدا کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان داوای بەپەلەیان کرد، بۆ ڕێگەگرتن لە ئیعدامی ئەو ٧کەسە. بەداخەوە شورای مافی مرۆڤ چاودێری کردنی مافی مرۆڤ لەسەر ئێرانی بەناپێویست ناو هێناو هەلیوشاندەوە. بڕیارێکی لەوشێوە ئەویش لەپێوەند بە بەرژیمی ئاخوندی ئێران کەماوەی ٢٧ساڵی تەواوە، لەدژی خەڵکی ئێران ملهوری وستەمی بەرین پەیرەو دەکا. لەگەڵ ئەوەی زۆر نارەواو ناراستە، لەهەمانکاتدا یارمەتی دانی جەللادەکان و دەسەتدارانی رژیمی ئاخوندی ئێرانەوەدەبێتەهۆ بۆئەوەی زیاتر سەرکوتی ئازادیخوزان و خەڵکی ئێران بکەن. دەسەلاتی ئاخوندی ٥٣جار لەبەر پێ شێل کردنی سەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ناوەندە نێودەوڵەتیەکان و هەروەها کۆمەڵی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان مەحکوم کراوە تەنانەت سێ مانگ پێش ئێستا لەلایەن کۆمەڵی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بەتوندترین شێوەوبە زۆرینەی دەنگ مەحکوم کراوە. ڕژیمیك کەلە ساڵی ڕابردوودا ١٨٩زیندانی لەوانە ئافرەتان ولاوانی لەخوار١٨ساڵی ئیعدام کردوەو ٢٥٠هەزار کەسی گرتوەو زیندانی کردوە.ڕژیمیك کەلە چەند مانگی ڕابردوودا ولەرۆژانی کۆتایی ساڵی ١٣٨٥ کۆچی خۆری و لەسەرەتای ساڵی ١٣٨٦، بەکردەوەی ستەمگەرانەو دڕێژەدانی بێ عەدالەتی لە بەرانبەر خەڵکی کوردستان و تێکرای خەڵکی ئێران لەدرندەی و سەرکوتی خەڵك دا پێش تەواوی ستەمگەران کەوتوتەوە. کەی ڕەوایە لەلایەن ناوەندێکی جیهانی کەچاودێری مافی مرۆڤ لەجیهاندا دەکا بکەوێتە بەربەزیی و مەرحەمەت کە رژیم و دەسەلاتدارانی ئەو مەرحەمەتەی ناوەندێکی جیهانی بکاتە هۆییك بۆ زیاتر سەرکوتی خەڵك و ئازادیخوازان لە ئێراندا. ئەوهەڵوێستەی شورای مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان هاندەرێك دەبێ بۆئاخوندەکان بۆ سەرکوتی زیاترو لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی تورەبوونی خەڵکی ئێران و ناوەندە ئازادیخوازەکان و هۆگرانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بڕیاری نوێی شورای مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان لەسەر نەهێشتنی چاودێری بەسەر ڕژیم لە نەبوونی تێ گەیشتنی تەواوی ئەندامانی ئەو شوڕایە بەسەر وەزعی ئیران و ئەوپێ شێل کاریە بەبەرنامانەی مافی مرۆڤ لەلایەن ئاخوندەکانەوە، دەزانێ. سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بڕیاری شورای مافی مروڤ بە لابردنی چاودێری بەسەر ڕژیم بە ناراست و نامەشروع دەزانێ و ئەو بڕیارە بەدژی قازانجەکانی خەڵکی کوردستان و ئیران دەناسێ و هەرلەوپێوەندیەدا لە ریکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە جیهان و سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان داواکارە بۆ دیاری کرانی چاودێری مافی مرۆف بەسەر ڕژیمی ئاخوندی بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیاری شورای مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان تێ بکۆشن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئیران

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٦

یاد و کارەساتی ئەنفال ڕەوایی جولانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد و ستەمگەری و دڕندەیی دەسەلاتە داگیرکەرەکان

١٩ساڵ بەر لە ئێستا ڕژیمی پێشووی عێراق، دەستی دایە جینایەتێکی کەم وێنە لە میژووی مرۆڤایەتیدا، جینایەتێك کە لە بیری کورد و لە میژووی کوردستان دا، ناسرێتەوە، هەر دەم وەك هاندەری خەباتی ڕەواو شۆرشگێڕانە و ماف ویستی گەلی کورد، خۆ دەنوێنێ و ئەرکی هەر تاکێکی کورد و تێکڕای هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانە، ئەو ڕۆژە تاڵە بیر نەکەن و لە یادی قوربانیانی ئەو کارەساتە درود بنێرن بۆ ڕۆحی پاکی ١٨٢٠٠٠کوردی بێ سەرو شوێن کراو. لە کارەساتی ئەنفالدا زیاتر لە ٤٥٠٠دێ و شارۆچکەی کوردستان وێران بوو کە هەتا هەتایە وەك پەلەی ڕەش بە سەر میژووییەوە پڕ لە جینایەتی ڕژیمی بەعسی عێراق دەمێنێتەوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ئەنفال بە ناسنامەی دڕندەیی و ستەمکاری و مرۆڤ کوژی دژمنانی کوردستان دەزانێ و بە بەڵگەییکی حاشا هەڵنەگر بە ڕەوایی جولانەوەی گەلی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و مافە بنەڕەتیەکانی دەزانێ.

لە یادی ئەنفالدا نفرین دەنێرین بۆ ستەمگەران و داگیر کەرانی بێ بەزەیی و درود دەنێرین بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدان و کارەسات بارانی ئەنفال.

ووتەی بەنرخ

زمان چەورەکان هەمیشە نیەتی ناپاك لەدڵ دا پەروەردە دەکەن. (ولتر)

مەلە کردن بەپێچەوانەی ئاو سەختە و غیرەتی دەوێ، ئەگینا هەر ماسییەکی مردوش دەتوانێ وێڕای ئاوەکە مەلە بکات. (ئیسمایلز)

هیچ کەسێك ئەوەندە نەزان نیە کە لیاقەتی هیچ نەوعە کارێکی نەبێت. (ناپلیۆن)

چۆن پێت خۆشە کەسانی بەرامبەرت ڕەفتاری باشیان هەبێ، دەبێ تۆش لەبەرامبەر خەڵکی دا ڕەفتاری چاکت هەبێ. (زەردەشت)

ئینسانی مەغروور و نەزان هەمیشە بەدوای کەسێکدا ئەگەڕێ کە تەحسینی بکات. (بوالو)

((دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران))

دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران،

دەنگی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە

دەنگی خەباتی کوردستان، هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعات و نیوێک،

یەک سەعات بە زمانی کوردی و نیوسەعات بە

زمانی فارسی، لە سەعاتی ٦/٣٠ بۆ ٨ی ئێوارەی بەکاتی تاران، لەسەر شەپۆلی کورت، ڕەدیفی ٧٣ میتر بڵاو دەکاتەوە. دەقی ئەو بەرنامە لەسەعاتی ٦/٥ بۆ ٨ی بەیانیی ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بڵاو دەکاتەوە.

بڕوخێ ڕژیمی ئاخوندیی ئێران